# نامەیەکی دڵشاد عەبدوڵڵا بۆ نەوزاد ڕەفعەت

**ئا: رامان**

نەوزاد ڕەفعەت-ی شاعیر
ڕۆژباش
سڵاو و ڕێزم...
چاوەکانت ماچ ئەکەم و هیوام سەربەرزیتە.

١- شێرکۆ بێ کەس شانۆ شیعرییەکەی(١) بەم زووانە چاپ ئەکرێت و (ڕەقابە) ڕێگای داوە.

٢- هەر شێرکۆ خۆی دیوانێکی تری داوەتە (ڕەقابە) بەناوی (کازیوە)(٢) کۆمەڵێ شیعری پۆستەرە.

٣- ئێستا تۆزێ بواری بڵاوکردنەوە لە گۆڤاری (بەیان) و (هاوکاری)ی ڕۆژنامە چاکتر بووە. ئەگەر شیعر، یان نووسینت نارد بینێرە بۆ من، من بۆتی ئەگەیەنم.

٤- ڕەنگە منیش لە (بەیان) ئیش بکەم، چونکە جارێ سەربەست بامەڕنی-م بینی و وتی: بە هەموو تواناوە هەوڵی ئەوە ئەدەم بە (مکافئە)«مکافأة» لە بەیان بە سیفەتی موحەریر کار بکەیت، جا نازانم ڕات چۆنە؟ من بە باشی ئەزانم، واشم قسە لێ کردووە بە خراپ بۆم نەگەڕێتەوە و هیچ جۆرە چۆک دادانیشی تیا نییە.

٥- هەردوو چاوی پاکی (جەلال)(٣) ماچ ئەکەم و ئەگەر بینیت، یا نامەت بۆ ڕەوانە کرد.

٦- بەم زووانە نووسینێکم لە (بەیان) بڵاوئەبێتەوە، حەز ئەکەم ڕای خۆتی لەسەر بدەی تا دێمەوە، یان بە نامە.

٧- بەغدا ئەوەن تەنگ و نەفەس برە هەتا مردن.

٨- (سەلاح شوان) دوو شیعریم خوێندەوە یەکێکی بڵاوبووەوە لە (بەیان)، ئەوی تری بەناوی (لەژێر بارانی لەزەتدا) هەرچەندە شتی نوێی تیایە و لە تەکنیک دا تۆزێ نوێ بوونەوەی تیایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە بەهێز نییە.

٩- مەسەلەکەی تۆم (مەسەلەی نامەکەت)م تاقیب کرد، پاکی تۆ زیاتر هیچی ترم نەبینی. بە (مەحموود)یشم وت: عەیبە چیتر قسەی وا بڵاومەکەرەوە.

١٠- دوو شیعری نوێم هەیە لە (ڕەقابە)ی هاوکاری دەرنەچووە، ڕەنگە یەکێکی بدەمە عیراق.
نازانم چیترت بۆ بنووسم
**دڵشاد**

**(١) (ئاسک).**
**(٢) (کازیوە) ساڵی (١٩٧٨) چاپ بوو.**
**(٣) (جەلال بەرزنجی) ئەوسا لە گوندی (سکتان) مامۆستا بوو.**

